# حوكمی وەرگرتنی بڕێک پارە لەبەرامبەر کەفالەت کردندا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم أخذ الأجرة مقابل الكفالة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی وەرگرتنی بڕێک پارە لەبەرامبەر کەفالەت کردندا

**پرسیار :** ئێستا حكومەتی هەرێم بۆ ئەوەی پێشینەی خانووبەرە بدات بەهاوڵاتیان داوای كەفیلیان لێ دەكات، ئەو كەفیلەیش دەبێت فەرمانبەری حوكمی بێت بۆ ئەوەی هەركاتێك ئەو كەسەی كە پێشینەكەی وەرگرتووە ئەگەر پارەكەی نەگەڕاندەوە بۆ حكومەت ئەوا حوكمەت لە مووچەی كەفیلەكە ببڕێت، پرسیارەكەی من لەوەدایە، ئێستا كە داوا لەكەسێك دەكەیت كە ببێت بە كەفیلت هەندێكیان لەبەرامبەر ئەو كەفالەتەی كە بۆت دەكەن داوای بڕێك لەپارە دەكەن، ئایا وەرگرتنی پارە لەبەرامبەر كەفالەت كردندا لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا كارێكی دروست وڕێگا پێدراوە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

وەرگرتنی بڕیك پارە لەبەرامبەر کەفالەت کردنی کەسێکی تر بۆ هەرکارێك بێت، کاریکی دروست نییە و ئەو بڕە پارەیەش وەردەگیرێت حەرامە، چونکە لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا گرێبەستی (کەفالەت) گرێبەستێکە دانراوە لەپێناو ئیحسان وهاریکاری یەکتری کردن وسۆز وخۆشەویستی نواندن لەبەرامبەر یەکتردا، نەك گرێ بەستێك بێت بۆ وەرگرتنی بریتی (عوض ) وەرگرتن .

لەم بارەیشەوە محمد المختار الشنقيطي لە شەرحی کتابی ( زاد المستقنع ) لە (بەرگی ٦ / لاپەڕە ١٨٤) دەڵێت : « فهل يجوز أخذ الأجرة على الكفالات؟ هل يجوز لشخص يأتيك ويقول لك: فلانٌ له عليَّ مائة ألف ويحتاج إلى كفيل، فاكفلني سنة أو سنتين وأعطيك ثلاثة آلاف أو أعطيك

على كل سنة ألفاً؟ لا يجوز بإجماع العلماء أخذ الأجرة على الكفالة » واتـه :
ئـايا دروستـه وەرگرتنـی کرێیـەك یان بریتیـەك لـەبـەرامبـەر کـەفالـەت کردندا ؟ ئـايا دروستـه کـه کـەسێك هـات بۆلات وپێـی ووتـی : فلان کـەس صـەد هـەزار (ڕیال) ی بـەلامـەوەیـە، وئێستا پێویستی بـه کـەفیلێك هـەیـە، جا تۆ ببـە بـه کـەفیلم بۆ ماوەی سالێك، یان دوو سال، منیش لـەبـەرامبـەر ئـەوەدا سێ هـەزار (ڕیال) ت دەدەمێ، یان هـەموو سالێك هـەزار (ڕیال) ت دەدەمێ ؟ لـەوەلامدا ئـەلێت : بـه کۆدەنگی زانایان دروست نییـه وەرگرتنـی کرێ و بریتـی وەرگرتن لـەبـەرامبـەر گرێبـەستـی کـەفالـەت کردندا .

ڕوونکردنـەوەکـەشی بـەم جۆرەیـه : ئـەگـەر هـاتوو کـەسێك بوو بـە کـەفیلـی کـەسێکی کـه حکومـەتـی هـەرێمـی کوردستـان بڕی (٢٥) ملیۆن دیناری پێداوە وەك پێشینـەی خانووبـەرە، کـەسی کـەفالـەت کراویش لـەبـەرامبـەر ئـەم کـەفالـەتـەدا ملیۆنێك دیناری دا بـه کـەفیلـەکـە، ئـەگـەر هـاتوو ئـەو کـەسـەی کـه کـەفالـەت کراوە

و (٢٥) ملیۆن دینارەکەی وەرگرتووە لە حکومەت، لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا نەیبوو بیداتەوە ئەو کەسەی کە بووە بە کەفیل لەڕووی شەرعیەوە واجبە لەسەری کە ئەو (٢٥) ملیۆن دینارە بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت، بەمەش کابرای کەفالەت کراو کە لەشەرعدا  بە (مکفول) ناسراوە ئەو بڕە پارەیە قەرزاری کەفیلەکە دەبێت وواجبە لەسەر بۆی بگێڕێتەوە، بەمەش لەکۆتاییەوە وای لێ دێت : لەبری وەرگرتنی (٢٥) ملیۆن دینار بۆ ماوەیەك، قەرزارەکە (٢٦) ملیۆن دیناری بۆ خاوەن قەرزەکە گەڕاندوەتەوە، هەر بۆیە زانایان بەکۆدەنگ ئەم جۆرە گرێبەستانەیان بەلاوە حەرامە، چونکە سەردەکێشێت بۆ (ڕیبا) سووخواردن، کە خوای گەورە ومیهرەبان (جل جلالە) ولەگەڵ پێغەمبەری خوادا ( صلى الله علیه وسلم) قەدەغەیان لێکردووە، بگرە یەکێکە لە گوناهو تاوانە گەورەکان، ئەوەتانێ خوای گەورە لەبارەی ڕیباو وسووخواردنەوە فەرموویەتی : ﴿ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا

يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا ﴾ [البقرة :٢٧٥] .

واته : ئەوانەی سوو دەخۆن، ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن) چونکە ئەوانە دەڵێن: کڕین و فرۆشتن وەک سوو وایە (لە حاڵێکدا): خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوەو سووی حەرام کردووە .

لەئایەتێکی دواتر دەفەرموێت : ﴿ يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴾ [البقرة :٢٧٦] .

واتە : خوا فەڕ وپیتی سوود خۆری ناهێڵێ ، واتە: هەر داراییەك ریبای تێدا بێت، دەرەنجام هەر تیا دەچێت، بەڵام خێرو خێراتی ماڵ و سامانی سەدەقە، خوا بەفەزڵی خۆی زیادی ئەکات وپیتی تێدەخات بۆ خاوەنەکەی، بەراستی خوا هەموو کافرو بێ باوەڕێکی دڵڕەق و گوناحکاری خۆش ناوێ،

واتە: ئەوانەی سوود خۆری دەکەن و بەحەڵاڵیشی دەزانن، خوا نەناس و دڵرەق و بێ میهرەبانن بەرامبەر بەخەڵکانی هەژارو پەککەوتە، ئەگینە چۆن بە جوامێرانەوە مەردانە قەرزیان نادەنێ و، دەچن (فائیدە) و قازانجێك دەخەنە سەریان؟

کەسانی سوود خۆر بەو کارەیان ئیعلانی جەنگیان کردووە لەگەڵ خوای گەورەدا، ئەگەر هاتوو دەست هەڵنەگرن لەو کارەیان وتەوبەی لێ نەکەن، وەك فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ * فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ... ﴾ [ البقرة : ٢٧٨ - ٢٧٩] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! دەبێ بە تەواوی ملکچی فەرمان و، قەدەغە کراوەکانی خوابن' و لە گشت سنوورەکانی پارێز بکەن و، لە پاشماوەی سوودەکەشتان-کە بەلای ئەم وئەوەوەیە واز بێنن و، داوای مەکەن، ئەگەر باوەڕداری راستەقینەن، دەبێ گوێرایەڵی تەواوی فەرمودەکانی

خوابن و، لەو سوودەش بێدەنگ بن * خۆ ئەگەر واتان نەکرد و، دەستتان لە سوود خۆری هەڵنەگرت، ئەوسا جەنگێکی گەورە رابگەیەنن لەگەڵ خواو پەیامبەرەکەیدا (صلى الله عليه وسلم)، چونکە سوود خۆری دژایەتی کردنی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوایە، واتە: سوود خواردن ئیعلانی جەنگە لەگەڵ خواو پێغەمبەردا .

پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم) سوو خواردنی بەیەکێك لەگوناهە گەورەکان ناوبردووە، و یەکێکە لەو گوناهانەی کە دەبنە هۆی لەناوبردنی ئوممەتان و خاوەنەکانیان بەرەو ئاگری دۆزەخ پەلکێش دەکەن، وەك فەرموویەتی : « اجتنبوا السبع الموبقات الشرك بالله والسحر وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق وأكل الربا وأكل مال اليتيم والتولي يوم الزحف وقذف المحصنات الغافلات » [رواه البخاري ومسلم] .

واتە : دوور بکەونەوە لە حەوت لەناوبەرەکان ( ئەو گوناهانەی کە مرۆڤ بە هیلاك دەبەن و خاوەنەکانیان بەرەو ئاگری دۆزەخ پەل کێش دەکەن ) ئەوانیش : هاوەڵ بۆخوا بڕیاردان، و سیحر، وکوشتنی کەسێك بەناهەق کە خوای گەورە حەرامی کردووە ئەگەر بەیەکێك لەهەقەکانی خوای گەورە نەبێت، هەروەها سووخواردن، ومالّی هەتیوو خواردن، وپشت هەڵکردن لەڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێباوەڕاندا، وە تۆمەتدانە پاڵ ئاقرەتانی داوێن پاکی بێ ئاگا .

سەرنج بدەن پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم) سوو خواردنی لەگەڵ ئەو تاوان و گوناهە گەورانەدا ناو بردووە، بۆیە برای بەرێزم بەهیچ شێوەیەك دروست نییە بریتی (عوض) وەرگرتن لەبەرامبەر کەفالەت کردندا، جا ئەگەر کەسێك کەفالەتی بۆ برایەکی یان دۆستێکی کرد چاوەڕوانی خێر وپاداشتی خوای گەورە بێت وخۆی بەدوور بگرێت لەوەرگرتنی

ئەو پرە پارەیە، بۆ ئەوەی بەر ئەو هەڕەشە گەورانەی خوا و پێغەمبەرەکەی نەکەون .

بەڵام ئەگەر هاتوو کەسی (کەفیل) بۆ دەرهێنانی ئەو کەفالەتە، بڕێك پارەی لەباخەڵی خۆی سەرف کردبوو، وەك کرێی هاتووچۆ، یان دانی پارەی عەریزە نووسەکە، یان وێنەگرتنی پێویست بوو، ئەگەر هاتوو ئەم مەسروفانەی لەباخەڵی خۆی دا بوو، ئەوا زانایان ڕێگایان داوە ئەو مەسروفاتە لەو کەسە وەربگرێتەوە کە بووە بە کەفیلی واتە لە ( مەکفولەکە ) ، جگە لەوە هەر بڕێك لەپارە وەربگیرێت لەبەرامبەر ئەو کەفالەت کردنەدا، دەچێتە چوار چێوەی سوو خواردنەوە و دروست نییە و حەرامە.

خوای گەورەش زاناو وشارەزاترە.